پاشکۆی ٢

دە مەناکە

نمونەی دە مەناکە لە لۆقا 19: ١١- ٢٧ تایبەتە بە خەڵاتکردن لە شانشینی خودا .

لۆقا 19: ١1- 27 بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

پیاوماقوڵێك بۆ وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، تاوەکو شانشینێك بۆ خۆی وەربگرێت . شتێکی ئاسایی نەبوو لەسەردەمی عیسادا کەسێك بڕوات بۆ ڕۆما تا دەسەڵاتێکی شاهانە وەربگرێت ، بەپێی ئەم چیرۆکەی

لەبەردەستماندایە ، ئەم پیاوە پلەوپێگەیەکی بەرزی هەبوو پێش ئەوەی بڕوات ، وە چیرۆکەکە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ئەم پیاوە کۆیلەو خزمەتکاری هەبوەو دەسەڵاتدار بوە .

بۆ هەر یەك لە دە کۆیلەکە کیسەیەك زیوی پێدان .

وشەی یۆنانی بۆ کیسە لەئایەتی ١٣ دا "مەنا" جیاوازە لە وشەی بەکارهاتوو لە نمونەی سێ کۆیلەکەی نێو مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ چونکە وشەی بەکارهاتوو لە وێدا "تالانتون" و جیاوازن لە نرخدا بە تەواویی ، بۆیە ئەم جیاوازیە لە دوو وشە یۆنانیەکەدا ئاماژەن بۆ دوو نرخی جیاواز لە وەرگێرانی ڤاندایک دا بە ڕوونی وشەی "مەنا" لەم نمونەیەدا تەنها بۆ ئاسانکاریی لە جایاوزی نرخەکەدایە.

ئەم پیاوماقوڵە ویستی پارەو سامانی بازرگانی پێوە بکرێت لەلایەن کۆیلەکانیەوە "مەنا" پارچەیەك دراوی یۆنانی بوو بەرامبەر بوو بە سەد دراخما وە دراخما کرێی یەکی گونجاوی ڕۆژانەی کرێکارێکی ئاسایی بوو . جیاواز لە نمونەی سێ کۆیلەکەی لە مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ دا هاتوە .

ئەرکەکە .

پیاوەکە فەرمانی کرد بە کۆیلەکانی و پێی ووتن : بازرگانی بکەن بە پارەکەوە تا دەگەڕێمەوە ، لەگەڵ ئەوەی "مەنا" بڕێك پارەی بچووکە بە بەراورد لەگەڵ "تالانتون" لە مەتا ٢٥ بەڵام چیرۆکەکە پێداگری ناکات لەسەر بابەتی پارە بەڵکو لەسەر ئەوەی چی بەو پارەیە دەکەن و چۆن وەبەرهێنانی پێوە دەکەن تا دەگەڕێتەوە پیاوەکە کاتێك بوە بە پاشا !

هەندێ خەڵکی شارەکە ڕقیان لەپیاو ماقوڵەکە بوو وە ڕەتیان کردەوە.

ئەمەش هەر ئاسایی نەبوو لەسەردەمی عیسای مەسیحدا ، چونکە هەندێك لە خەڵکی لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەسەڵاتیان دەستبکەوێت و گەشتیان دەکرد بەرەو ڕۆما بۆ هەوڵی بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات ، هەندێ خەڵکی ئەو شارە دەترسان لە سەرکوتکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆیە زۆرجار ئەوانە نوێنەریان دەنارد بۆ ڕۆما بۆ شکستهێنانی هەوڵی ئەو

پیاوە کە هەوڵی دەدا ببێت بە پاشا بەسەریانەوە ، ئەمەش ڕوویدا لەگەڵ یۆحەنا هیرکانۆسی دوەم و ئەرستۆپۆلۆس ، هەروەها ئەرخیلاوس لە مێژووی کەمێك پێش هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح .

کاتی گەڕانەوەی پاشاو خەڵاتکردنی کۆیلە دڵسۆزەکان.

پیاوە ماقوڵەکە ئەوەی بوە بە پاشا فەرمانی دا بە کۆیلەکانی حیسابی خۆیان پێشکەش بکەن کە چیان کردوە بەو "مەنا" یەی پێی دان . کۆیلەی یەکەم هات و بە ساکاریەوە بە پاشای ڕاگەیاند کە دە بەرامبەر قازانجی کردوە ! وە دوەم کێئلە هات و هەروەها بە پاشای ڕاگەیاند کە پێنج بەرامبەر قازانجی کردوە ، پاشا ئافەرینی هەردوو کۆیلە دڵسۆزەکانی کرد لەو ئەرکەی پێی سپاردبوون ئیدی بەم شێوەیە دە شاری بەخشی بە یەکەم وپێنج شاری بەخشی بە دوەم .

کاتی گەڕانەوەی پاشاو سزادانی کۆیلە ناپاکەکە و خەڵکی شار کە دەسەڵاتی ئەویان ڕەت کردەوە .

بڕوانە مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٩: 1- 11.

بڕوانە لۆقا ١٩: ٧ ، ١٠ ، ١١ ؛ مەرقۆس ١٠: ٣٥- ٤٥ ؛ کردار ١: ٦ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٩: ١٢- ٢٧ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی لە خودی نمونەکەدایە .

نمونەکە تایبەتە بە شانشینی خودا وە بەشێوەیەکی تایبەت لەوەی ڕووەدات لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیحدا ، ئاماژەیە بۆ کەشێك لو ژێر ڕۆشنایی ئەوەدا کە خەڵکی پێیان وایە هەر ئێستا شانشینی خودا ڕادەگەیەنرێ لۆقا ١٩: ١١ . ئامانجی عیسا لە چیرۆک و نمونەکە ئەوەبوو ڕوبەڕووی ئەو بۆچوونە هەڵانە ببێتەوە کە ئازار دەگەیەنن بە هاتنی شانشینی خودا ، بەپێی مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤ شانشینی خودا ئەوەی عیسا ڕایگەیاند تەنها بۆ گەلی ئیسرائیل نیە بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهانە ، وە بەپێی لۆقا ١٩ دەرکەوتنی دەرەکی شانشینی خودا لە قۆناغی کۆتاییدایە ، وە بەپێی مەتا ٢٥ ؛ لۆقا ١٩ دەبێت هەموو کۆیلەیەك دڵسۆز ودەستپاك بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیدا کە بۆی دیاری کراوە لەلایەن خوداوە . شرۆڤەو جێبەجێکردنی سەرەکی ئەم نمونەیە لە لۆقا ١٩: ١٦ دایە هەروەها لە لۆقا ١٩: ٢٧ دایە بڕوانە یۆحەنا ٣: ١٨ ، ٣٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٧- ١٠ ؛ مەتا ١٣: ٤٠- ٤٢ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت

هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

پیاو ماقوڵەکە شانشینیەکەی وەرگرت . (بوو بە پاشا) .

ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەکەدا چونکە ئاماژە دەکات بە عیسای مەسیح وەکو زمانێکی هێمادارو ئەوە ڕادەگەیەنێت کە دوای مردن وهەستانەوەی و بەرزبوونەوەی بۆ لای خودای باوك لە ئاسمان کاتێ پاشایەتی وەردەگرێت بەسەر هەموو گەردون وبەدیهێنراوان وەك پاداشت و خەلاتێك لەسەر کارە ڕزگاریەکەی ئەوەی تەواوی کرد فیلیپی ٢: ٥- ١١ ؛ ئاشکراکردن ٥: ١- ١٤ بەو پێناسەیە عیسای مەسیح پاشایەو دادەنیشێت لەلای ڕاستی خوداوە لەئاسمان و حوکم دەدات بەسەر هەموو گەردوندا بۆ چاکەی کڵێسا ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٣ .

بۆهەر یەك لە دە کۆیلەکەی یەك مەنای پێدان .

گرنگ بڕەکە نیە کە دەدرێت بە کۆیلەکان بەڵکو گرنگ ئەوەیە لەڕاستیدا کە هەر یەك لە کۆیلەکان هەمان بڕیان وەرگرت بڕوانە مەتا ٢٥ ؛ لۆقا ١٩: ١٠ .

ئەرکەکە .

ئەم خاڵە گرنگەو ئاماژە دەکات بە پەیامی سەرەکی نمونەکە پیاوماقوڵەکە فەرمانی کرد بە کۆیلەکانی کە بارزگانی بکەن بە پارەو سامانەکەیەوە لەگەڵ ئەوەی مەنا بڕە پارەیەکی کەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو بڕەی لە مەتا ٢٥ دا هاتوە بەڵام گرنگ ئەوەی چیان پێ کردوە کاتێ گەورەکەیان دەگەڕێتەوە .

هەندێ لەخەڵکی شارەکە ڕقیان لە پیاوماقوڵەکە بوو وە ڕەتیان کردەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پیاوە بوو بە پاشا .

لە نمونەی کیسە زێڕەکان لە مەتا ٢٥ عیسای مەسیح باسی تەنها کۆیلەکانی دەکات بەڵام لە نمونەی لۆقا ١٩ باسی هەروەها خەڵکی شارەکەش دەکات ، بڕوانە کردار ٢: ٢٣ ؛ کردار ٢: ٢٤ ؛ زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ ؛ مەتا ٢١: ٤٢ .

کاتی گەڕانەوەی پاشا خەڵات یاخود پاداشت و سزا دەدات بەسەر کۆیلەکان و خەڵکی شارەکەدا . پیاوە ماقوڵەکە ئەوەی بوو بە پاشا هێمایە بۆ گەڕانەوەی عیسای مەسیح بە شکۆمەندیەکەیەوە لەهاتنەوەی دووەمیدا و حوکمدانی کۆتاییدا ئیدی حوکمی هەموان دەکات و هەموان دەبێت لەبەردەم تەختی دادوەریی و دادگای مەسیحدا بوەستن بەپێی باوەڕیان یان بێباوەڕیان .

ئەوانەی ڕاوەستاون ئایەتی ٢٤ .

ئەوانە بەشێکن لە چیرۆکەکە ئەوان گوێبیستی چیرۆکەکە بوون .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دە مەناکە لە لۆقا ١٩: ١١- ٢٧ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " خەڵات یاخود پاداشت لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " دەبێت خەڵکی هەوڵ بدەن بەباشترین شێوە ئەوە بەکاربهێنن کە عیسای مەسیح پێی بەخشیون و

لەلای داینـاون وە خودا پاداشتی هەوڵ وکۆششەکانیان دەکات و سزای کەمتەرخەمی و گوێنەدان و تەمبەڵی دەدات .

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم نمونەیەدا مرۆڤ دەبێت بەدەنگەوەچوونی هەبێت لەبەرامبەر عیسای مەسیح و پەیامەکەی کە مزگێنی ئینجیلە بۆ تۆبەکردن و ڕزگاربیان وخزمەتکردنیان بە دەستپاکی و دڵسۆزی .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

پەیامی سەرەکی نمونەی "کرێکارانی ناو ڕەز " و " نمونەی دە کیسە زێڕەکان " مەتا ٢٥ و "نمونەی دە مەناکە " گرێدراون بە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح دەبێت هەموو باوەڕداران ئامادەبن بۆ هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح کاتێ حیسابی خۆیان پێشکەش دەکەن لەوەی خودا داویەتی پێیان . لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەك لە نمونەکان ڕاستیەکی گرنگمان فێردەکەن کە جیاوازن لەیەکتر.

نمونەی کرێکارانی ناو ڕەز ، لۆقا ٢٠: ١- ١٦ بخوێنەوە ؛ هەروەها بڕوانە لۆقا ٢٣: ٤٠- ٤٣ .

نمونەی دە کیسە زێڕەکان ، مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ بخوێنەوە .

نمونەی دە مەناکە . لۆقا ١٩: ١١- ٢٧ بخوێنەوە ؛ هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ٣: ١٢- ١٥ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو خەڵکی سروشتی خوداو عیسای مەسیح و کارەکانیان بناسن .
خودا بەنیعمەتی خۆی پاداشتی هەموو باوەڕدارێك دەداتەوە لە حوکمدانی کۆتاییدا .
بەڵام ئەم پاداشتە نادرێت تەنها بەو باوەڕدارانە نەبێت کە بە کۆشش وهەوڵ وبەپشتبەستن بە خۆشەویستی و خوداو نیعمەتەکەی بەدەستی دەهێنن بڕوانە ئەفەسۆس ٢: ١٠ .
دەبێت باوەڕداران بزانن چۆن دەبێت بژین و بەچی پێناسە بکرێن .
گرنگ ئەوەیە بە هەڵوێستێکی دروست و ڕۆحێکی دروستەوە خزمەت بکرێت بە هەوڵ و کۆششەوەو بە تێکۆشانەوە .

بنەمایەکی گرنگ لە شانشێنی خودا
" چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی دەڕژێ، بەڵام ئەوەی نییەتی تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە " . مەتا ٢٥: ٢٩ .
ئەوەی خودا پێمانی بەخشیوە بە دڵسۆزی و دەستپاکی بەکاری بهێنین زیاترو زیاتر گەشە دەکات بە دەوڵەمەندی ڕۆحی !